## هۆنراوە

# ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

## سالار جەوهەر

## 2006



ناوی کتێب : ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن
بابەت : شیعر
نووسەر: سالار جەوهەر
چاپی یەکەم: سلێمانی / 2006
تیراژ: 1000 دانە
چاپ: چاپخانەی کاکەی فەلاح
ژمارەی سپاردن: ( 984 ) ساڵی 2005

## سەرنجێك:

خەمە شیرینەکانم

ئەم چۆرە شیعرانەی کەلە نامیلکەی ( ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن ) دا هاتوونەتە بەر ڕامانی ئێوەی ئازیز ، چەند شیعرێکی ساکار لە داڕشتن و سانا لەناوەڕۆکدان و ، هیچ ئاڵۆزی و گرێ یەکیان تێدانی یە .

ئەم شیعرانە بێ گرێ و گۆڵ هاتوونەتە بەرهەم و ، لەجیهانێکی تازە سەبارەت بە ئەندێشەی شیعرییم تان و پۆیان چنراوە .....

جیهانێ نامۆ بوو پێم ، جیهانی ئەو سۆزە شیرینەیە کە ئەندێشە هەرچۆنێك ووشەی هۆنی یەوە هەر بەو چەشنەو بێ خۆبەستنەوە بەجیهانی ئەودیوی نادیاری سبەینێ وە دایانبڕێژم.

ئەم شیعرانە هەیانە بەچەند ڕۆژێ ووتراون ، هەر وەك چۆن تیایاندا هەیە لەشەوانێکی زۆر درەنگدا چاویان تروکاوە،

بۆ سەفەر کردن بە زێوەری شیعرە نیشتمانی و کۆمەڵایەتی یەکاندا، پێم وایە بێدەنگی یەکی هێمن و ، مت بوونێکی کز یەخەی زەمەن ئەگرێ ، بۆیە تەنها پزیسکە دەست نیشانێکم هەیە ئەویش بۆ چامەی ( سواڵکەر ) ە. کەتابلۆیەکی ڕاستەقینەی مناڵە





ئەنفالێکی کوردەو لەژێر سپێدەیەکی تەزیوی پڕ لە ڕەهێڵەی باراندا ئەم نیگارەی پێ بەخشیم.

بۆ شیعرە خۆشەویستی یەکانیش، یان باشتر بڵێم ئەو شیعرانەی گوزارشت لە داستانی خۆشەویستی یەکی واقیعی و، حەلاجیانە ئەکەن. ئاشکران و ورد ورد ئەدوێن ، ئەشێ مۆرکی خودییان پێوە دیاربێت و لە چوارچێوەیەکدا مەداری خۆیان جێنشین بکەن.

بەڵام مرۆڤ و بەتایبەتی شاعیر تالە خودی خۆی نەگات و ئاوێتەی خەمە بەژانەکانی خۆی نەبێت و خەمەکانی نەبنە شەوچەرەی دڵی شاعیر. پێم وایە ناتوانێ بچێتە کرۆك و فرمێسکی عاشقانی دکەشەوە.

ئیدی ئەمەو لەنجەی پەیڤە شیرینەکان و ... چۆرە چۆڕی شیعرو ... چرپە چرپی ڕازو ، ورشە ورشی ئەدگاری قەشەنگ و ... نمە نمی حەزی جاویدان و ......

خرمە خرمی هەناسەی شیرین و .... بزەبزی دڵسۆزی زۆر جار کردوویانم بە موڵکی خۆشەویستی .

لەپایانی سەرنجەکەمدا دەڵێم ئەم شیعرانە بەرێچکەیەکی تازەی دادەنێم و بەلای خۆمەوە جیهانێکی پڕ چێژو بەتامن. مەبەستم تەنها شیعرەکان نی یە بەڵکو مەبەستم جیهانی ئەندێشەکە خۆیەتی .......

دەنا تامی شیعرەکان لەسەر زمان و ، دڵ و ، هەستی ، خوێندەواران دەچێژرێن.

بەو هیوایەی بتوانم ووشەی جوانی کوردی هیوابڕ نەکەم لەشیعرداو ، گلەیی و بۆچوون و ، تێبینی و، ویژدان و، چاوی خوێندەوارانیش لەگشت ڕەخنەگرێك ڕەخنەگرترە ......

سالار جەوهەر
05.12.2005
نەرویج

**ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن**

**هێشووە شیعر**
**......**
**بەشێتانە خۆشم ئەوێی**
**چونکە گوڵم ، من شێتم .... شێت**
**مردن نەبێت**
**من و تۆ هەر بۆ یەك ئەبین**
**مەهێڵە شەو**
**بەسەر باڵای ڕۆژی ئەوینا ڕاکشێت**
**بۆ یەك ئەبین**
**ئەی هێشتاکە نەتبیستووە**
**( قسە لەزارۆ یا لەشێت )**
**........**
**بەئەفسانەش ... جوانتر لەچاوی ڕەشی تۆم نەبیستووە**
**لەخەونیشا هیچ عەشق و پەیامێ دیکەم**
**وەکو تۆ خۆش نەویستووە**
**بەری چاوم تاریك بووە**
**تۆ کەی دێیت و ؟ ، مۆمێکی گەش هەڵبکەیت و**
**تاوێ لەگەڵ**





**ئەم کۆرپە کۆپلە شیعرانەم**
**بێنە سەر ڕازو گفتوگۆ**
**ئەی نازانی**
**ئەم شیعرانە کەس نابینن**
**جگە لەتۆ**
**بیرم ناچێ .... کەپێم ووتی خۆشم ئەوێ ی**
**ڕەنگت گۆڕاو تووڕەبووی لێم**
**ووتم بڵی ی**
**تاوانێکم ئەنجامدابێ و ،**
**بووبێ بەچێگەی دڵ تەنگی !؟**
**چەند خۆش لام**
**تۆ لەمن تامەزرۆتربووی**
**ووتت گوایە خۆشت ئەوێم**
**ئەی بۆ سالێکە بێ دەنگی؟!**
**.......**
**بەفرەبارێ**
**کلو .... کلو .. سپی ... سپی دێنە خوارێ**
**ئەم گەردوونە هەر ئەیەوێ پەستم بکا**
**بۆ ناتوانێ بەفرێکی وەك**
**چاوی ڕەشی تۆ دابکا**
**.......**
**ئیرەییم بەبەختم ئەبرد**
**تۆش پێت ووتم چەند کلۆڵی**
**کورد ووتەنی :**

گەر بچیتە سەر ڕووبارێ
ڕائەبینم یەك دلۆپێ ئاو نەبینی
سەرباری ئەم بەختە هەشە
دەروونت هێندە پێ ی گەشە
منیش ووتم قەیدی چی یە
گرنگ بەختم
وەك چاوەكانی تۆ ڕەشە

چەمچەماڵ
25.5.1995





**1**

**ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن**

**گۆرانی یەك**

## نیگەرانی

تۆ ئەزانی کەئەتبینم تەنها لە چاوت ئەڕوانم
ئاخر گوڵم ئەم ڕووگەیە بووبە هەوێنی ژیانم
تۆش هەر بۆ ناز جار ناجارێ نیگا بەخاکا ئەڕێژی
هێندە بێ ئۆقرەم ئەو ساتە وادەزانم روح ئەکێشی
بەڵام ئەوجار سوورمەی سەوزت بەسەر پێڵووتا هانی بوو
گوایە تەنها بۆ ڤینۆسی ... بۆشەنگتری و ... بۆ جوانی بوو
ئەی نەتزانی ئەو سوورمەیە ڕەشی چاوتی وون ئەکرد لێم
ئەو سوورمەیە داخی بەسوێی ئەم گەردوونەی ئەچێژا پێم
لە تاساندا نیگەرانم بەم هەناسە بووم بە ڕەژوو
ئەو ووشانەی کەپێم ووتی و گوێت بۆ گرتم بۆ بیرت چوو؟
من بە چاوی خۆشم حەزم نایا پەستیم لێ ی بێ پەیە
چونکە ڕەش نین وەك چاوی تۆ سەوزن وەکو ئەو سوورمەیە

چەمچەماڵ 1994

## 2
## پرسیار





خۆ تۆ بەردی ئەو کەژە نی؟
تابێ دڵ بی
خۆ تۆ مشتێ بیابان نی؟
تامەزرۆی ماچێکی گوڵ بی
تۆش وەك منی
ئازار ئەچێژی ...... هەم مژدەش
هەم ژان ئەتگرێ .... هەم خەندەش
هەم بەسۆز ئەشنێ ی ..... هەم هیواش
هەم دووری چاوت تەڕ ئەکا
هەم ساتی دژواری تەنیاش
خۆ تۆ بردنی
تۆش وەك منی
من دووری چەند جار کوشتوومی .... دڵنیام تۆش
من شەوی تەنیایی چەند جار
تاکازیوە گریاندوومی..... دڵنیام تۆش
ئیدی بۆچی؟
گومانم هەبێ لەخەمت
یەکتای پڕ ئازاری شەمت
ئیدی بۆچی؟
گومانم بێ لەبێ نازیت
ڕۆخانەی چاوت شەوانە
لەحەژمەت دووری و بێ ڕازیت
ئیدی بۆچی؟
لێت بپرسم یادم ئەکەی ؟

یا هەر ناتپەرژێ و سەرقاڵی؟
وەختێ دووربم ڕەنگت زەردە
یا هەمیشە گۆنا ئاڵی ؟
خۆ تۆ گەڵایە وەریو نی
شنەیەکت پێ نەمێنێ
خۆتۆ چڵی لەدرەخت دابڕیو نی
مەلێ لەسەرت نەخوێنێ
تۆش وەك منی
ئێ تۆش بەعەشقێ زیوینا
پەیامی خوایی ئەچنی
ئیدی بۆچی لێت بپرسم ؟
لەهەراسانی و لەگومان
لەترس و ساتە مەرگی تۆ
بۆ چارەنووسی دابڕان
خۆ تۆ بەردنی... تۆش وەك منی

چەمچەماڵ 1995





## 3

### ئەوشیعرانەی تۆ ئەبینن

شەوێ لەمیحرابا

درەنگانێکت باش .... کەرکوك درەنگانێ
ئۆی گەواڵەی هەورە نامۆکە ڕوو سووربی
چ بووە گوڵم بۆ واکزی ؟
بشێ تۆش لەخاسە دووربی؟
خرمە خرمی بای ئەم پێش کازیوەیەت باش
بەردت ..... دارت ،
هاژە .... هاژی چەم و تاسەی کەنارت باش
ئەم دەستت باش ..... ئەو دەستت باش
ئەم ڕوومەت و...... ئەو ڕوومەت
یەك یەك کۆڵانەکانت باش
شەقامەکانت گوڵەکەم

درەنگانێکت باش کەرکوك درەنگانێ
ئەوەنووستووی هێندە شۆخی
یا ئەگریجەی ڕەشی زامێ کپی کردووی؟
ئەوە پشکۆی دەستی داگیرکەرەکانە
بەسەر ڕوومەتتەوە دیارن؟
یان بینایی کۆڵانە هەتیوەکانە گەش ئەسووتێن؟
درەنگانێکت باش کەرکوك ..... درەنگانێ
بەم ناوەختە پێت گەیشتووم
هاتووم پەلی کوێرە ڕێگەیەکم گرت و
لە خەڵوەتی ( ئازادیا ) گیرسامەوە
چاو کزۆڵی ماندووی ڕێگەی ئەم سەفەرە تالووکەیەم
وەنەوز بین بین ئەمخواتەوە
هەڵسە گوڵم
بێ چاوێنی بێ چەند جوانی
هاتووم قومێ ووشەی تەڕم بۆ هێناوی
هاتووم شارێ
نیگای حەزی مەملەکەتێکم لەلایە
درەنگانێکت باش کەرکوك...... درەنگانێ
تۆ بڵێ ی دیدارمان گوڵم
هەر کوێرە ڕێگەی تالووك بێ؟
تۆ بڵێ ی هەر نەخشەی باڵات
دووربێ لەتۆ .... یەك دوو شارۆچکەی بچوك بێ؟
کەنگێ ئەبی بەخانەخوێ و
کەنگێ ئەبم بەخانەخوێت؟





دەکەنگێ بێ شەقامە پرچ ڕەشەکانت
ئەگرمە چاو بۆ چرپەی ڕێت
هەڵسە گوڵم بێ چاوێنی بێ چەند جوانی
ئەوە بۆنی
شەهیدە زیندووەکانی زیندانەکانی دەروونتە
هێندە خۆشە؟
یان بەرامەی نووسینە چاوجوانەکانی
دیوارە تەزیوەکانە
ژانی کەڵبە و.... چنگی مێخ و،
ترسی زیندانی تاریکی لەسیمایا فەرامۆشە؟
درەنگانێکت باش کەرکوك ..... درەنگانێ
ئەمساڵ بووکی سەری ساڵی هێند قەشەنگی؟
یان ئەبیتە بووکی قەندیل و چەپکێ گڕ
لەبەرۆکی نەورۆزی ئەمساڵمان ئەدەی ؟
ئەمساڵ چاوە بەفرینەکان
لەکالانی ئەوینێکا ئەڕوێنەوە
ئەمساڵ پشکۆ خنکاوەکان دائەگیرسێن
ئەی تۆ گوڵم؟
دێ ی بەگڕێکی سوورەوە ، لەپەل و پۆی جەنگمان بخەی؟
دێ ی لەسروودی ئەمساڵدا پەیڤێ بڵێ ی؟
دێ ی لەدیواری هەرێما
تۆش یەك دوو بەردێ دابنێ ی؟
درەنگانێکت باش کەرکوك .... درەنگانێ
ئێمە دوو ڕەندی نەگریسین

بووین بەپەنجەرە بۆ چاوی هەموو گێتی
مێژووی درۆ تۆمار ئەکەین
ئێمە ڕووخسارێکی گەش بووین
ئێستا ئاولەمان دەرکرد
ساوایەبووین هەرێمێ نازی ئەکێشاین
لەنووتەکا خۆمان وون کرد
گوڵم وون بووین
وون بووین و مێژوومان دۆڕان
وون بووین و هەر ماندوونەبووین
لەکای برا کوژی کێشان
وون بووین و لەووڵات بووردین
وون بووین و لەخەبات بووردین
وون بووین و تالەداگیرکەرانیش بووردین
تەنها لە خۆمان نەبووردین
درەنگانێکت باش کەرکوك ..... درەنگانێ
ساڵەهایەو ئەم ئەستێرانە هۆگرتن
ساڵەهایەو گەش ئەسووتێ ی
ساڵەهایەو بێ چاوێنی بێ هەر جوانی
ساڵەهایەو
بووکە نەشمیلەی دزراوی کوردستانی
ساڵەهایەو ....
خولیایەکی فوایە بۆت ئەخوازین گیانێ
درەنگانێکت باش کەرکوك..... درەنگانێ





کەرکوك
1995

## 4

## میوان

تۆش لە خەمی ئێمە دەگەی
وادەزانی لەتەمەنی منی بەرلە مەسیحەوە.... پەناهەندەی
چاوم لێ یە لەرەی ناسۆرێ ئەبەدی
لەپرچە زیوینەکانی وەتەری ڕوحی تۆ ئەڕژێ
کۆترێکی بێ لانەیەو
لەنێوانی پەنجە ساردو.... تەزیوەکانما ئەنیشێ
هۆ میوانی ئەم ئێوارەیە خەمناکە
چاوم لێ یە لەگەڵ پەنجەی دەزگیرانتا
بەکوڵ ئەگری
لەگەڵ پرووشەی ئاوابووی ئەو خۆرەدا
وات نیازە لەنامۆیی مندا بمری
هۆ گیتارە ڕوح جوانەکە
ئێوارەیەکی خەمناکەو

مشتێ ڕازی شیرین .... شیرین
لەڕوحی تۆوە ئەبارێ
مانگ نەشمیلێکی تەنیایەو
هۆن هۆن فرمێسکی زیوینی بەسەرمانا دێتە خواراێ
ئێوارەیەکی خەمناکەو
خەندەی لێوە کزۆڵەکان
چاوی خۆزگەت لێ ئەڕوانن
بۆ تاسەی تۆو.... ئەو ڤینۆسە دەنگ پڕ نوورە چاوەڕوانن
هۆ گیتارە ڕوح جوانەکە
تۆش لەخەمی ئێمە دەگەی
تۆش وولاتی بێ ناسنامەی من ئەناسی
لەم شانۆ خنجیلانەدا
گۆنای پەیامی ئازادی ڕائەماسی
تۆش لەخەمی ئێمەدەگەی
وادەزانی لەتەمەنی منی بەرلە مەسیحەوە
پەناهەندەی

1998
یۆنان/ لۆتراکی

5





ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

بۆ ئەو پەپوولانەی ڕوحی پاکیان لەڕێگەی چەمچەماڵ_ کەرکوك دا بوون بە پشکۆ
ڕەوێ پەپوولە ئەگرێ
زەردەشتانی ئاگر پەرست
لەکەناری ئەم شارەیا
ئاتەشگەیێ لە میحرابی ئاهورمازایا ئەسووتێ
هەر جەستەیەو لە ئازاری فرمێسکێکا
هێدی ..... هێدی هەڵئەتووتێ
وەرن میحرابێ پیرۆزو .... ئاگرێ بێتە ئاینتان
ڕوحی تیایا داگیرسابێ
وەرن جەستەیەکی سکڵ
ببێ بە ئاهورمازاتان .... لێوی گڕی ڕامووسابێ
ئێ ی مەرگەسات......
ئەوە دۆزەخی جۆشداری کام خواوەندە و
ڕەوێ پەپوولەی تیا ئەگرێ؟
ئەوە یاسای کام سرووشتی شەرمەزارە
ئەسرینێکم بۆ نارێژێ و..... تەنها وەیلانی یە ناچڕێ؟
ئای ی ی خواوەند کەنگێ سیمای خەلیلێکان
بە دۆزەخی بت پەرستێ هەڵقرچاوە؟

دەوەرە دەنگ بۆ بێ دەنگی ؟
چەند دایکێ بەدەم هانا و هاوارێکا
ئەبن بەپەیکەرێ سووتاو .... تۆ بێ دەنگی
ڕەوێ پەپوولەی بێ نەوا
ئەبن بە دڵۆپێ زووخاو ...... تۆ بێ دەنگی
پۆلێ چاوی تازە تەمەن
دڵۆپی مەرگی تێ ئەزێ ..... هەر بێ دەنگی
دەنگی شمشاڵێ ئەتاسێ .... هەربێ دەنگی و .... نایەیتە دەنگ
شارێ هەژان جەرگی ئەبڕێ و دەنگێ نایا
ماشێنێ پەپوولە ئەگرێ و .... دەنگێ نایا
ساهانا بەفرە جوانەکان .... تینوانی ووشەی پشکۆ
وەرە ( نالی )
لەگەڵ تیلەی چاوی خواری ( حەبیبەکەت ) لەقوڕنیشێن
ماشێنێ تابووتی ترسەو .... ئاگرێ خەرەندی مەرگەو
بەتەوێڵی مێژووی شارەکەمدا ئەلکێن
ساهۆ کوشتەی خەمی غوربەت
( مامە حاجی ) دەوەرەوە
گەر نەتبینی چەند جەستەیە ئەندێشەی ناز هەڵیگرتوون
ڕاکشاون بەخۆرێ پڕ ئاگرەوە
پەزی شیعرێکت بانەزێ
دڵی شارەکەم جێبێڵەو
ئەسرینێکیش با ڕیشی چەرمووت نەگەزێ
هۆ ( مەولەوی )





لەئاستی ئەم مەرگەساتە
خۆت و خامەو هۆنراوەت بۆ پشتتان نەوی؟
هەڵسە خەوی هەورامانت فەرامۆش کە
وەرەو خەمی کۆستی ئەمجارەی شارەکەم شیعر نۆش کە
سا ( گۆرانی ) جوانی پەرست
سەرێ لەگۆڕ بێنە دەرێ
شینێ لەتۆ
تائاسمانیش هەوری شنگی بێتە بەرێ
لەرەی خەندەیە بگۆڕە بەشین
سۆزی شمشاڵت بچڕێ بۆ برین
هانا .... شیوەنێ .... دەنگێ ... هەنسکێ
وا چۆڕ چۆڕ .... ڕوحی کۆمەڵێ ئەتکێ
نوزەیە .... شنگێ .... بڕێژە بەتاو
ئەم مەرگەساتە بەرد ئەکا بەئاو
شینێ دابەستە ... بگری تۆ بەکوڵ
هەتا زەردەشتیش ببێ بەسکڵ
دەوەرنە دەنگ .... بۆ بێ دەنگن؟
دەسا خەمە شیرینەکەم .... وەرە ڕێ ی هانام ووشك بوو
کەسێ نی یە خەمی ئەم کۆستەم هەڵگرێ
کەسێ نی یە ....
شیعرێ .... دێرێ ....
پەیڤێ .... شینێ لەگەروویا بێتە دەرێ
دەسا وەرە گلارەکەم
دەریایە فرمێسکی گەرم لەپەناما هەڵبڕێژە

چیدی سیمای ئەم تابووتی مەرگەساتە
بۆ مەملەکەتی شارەکەم ڕووگەی نوێژە

**1995**

ڕامووسان : ماچکردن
ئەگرێ : ئەسووتێ
شنگ : فرمێسك
ڕووگە : قیبلە



## 6

سواڵکەر

تەق، تەق ..... تەق، تەق ... ئەو دەرگایەم لێکەنەوە
من گورگ نیم بۆ چرپەتان لێوە نایا؟
هۆ خاوەن ماڵ دەستتان مەنێن بەڕوومەوە
پاروویە نان .... داڵدەی خەوێ
ڕوویەکی خۆش .... پشووی دەمێ
لێتان بەزیاد چیم ئەدەنێ
هۆ خاوەن ماڵ سەرما تەزاندمی بیکەوە

مرۆڤێکم تینووی پشوو
چاوو، جەستەم شەیدای خەوە
لەوەتەی هەم لەڕێڕەوی مەملەکەتی گەڕۆکیما
ڕۆژگار خاچەو ، من لێ ی ئەدرێم
کلێشەیەك هەرسم ناکاو
خەمێکم چڕ شی ناکرێم
هەناوم پڕە لەگڕی سوێ ی بێ دالّدەیی تەمەن و
خۆ خواردنەوەی دەڕۆزی یە
پاروویە نان چارەنووسمەو
ناسنامەیەك نابێتە مالّی ئەزەلی و
بۆ کەسەرو مەینەتیەکان
دەروونیشم باوەشێکی گڕۆزی یە
هۆ خاوەن مالّ هێشتا نووستووی کۆشی نوێنی گەرم و نەرمی
پاروویە نان هەناسە بەمن ئەبەخشێ و
بۆتۆش پیشەی فڕێدانی بەر کۆلانە
هۆ خاوەن مالّ بنوو ... بنوو
ئەوا دەڕۆم بۆم دەرکەوتی چەند بێ شەرمی
دەڕۆم هەنگاو کۆتی ئەژنۆی لەرزۆك بووەو ، نایا لەدووم
دەڕۆم ڕۆژگار لێت بێ نەفرەت بەخۆراکی خەمت کردووم
ئەم گێتی یە چەندە هیچە
توێکلّی هیچ .... ناوەڕۆکی خەم و هیچە
پێناسی کۆمەلّگا هیچە
زێڕ دەسەلات .... مرۆڤ لەئاستیا هەر هیچە
تەق ، تەق ...مالّی کۆشکی مەزن





تۆش دەرگام لێ ناکەیتەوە
هیوای پاروویەکی نانم لەدەستی تۆدا گوشیوە
لێم بکەوە ئەم سەرمایا جەرگ بڕە
دەپێم بلّێ ئەم ویژدانە بۆ پاروویە نانی ووشك بۆ تۆپیوە؟
هۆ خاوەن مالّ ئەم ( با ووشکە ) سارده وەکو ویژدانی تۆ
بەتین و گوڕ وەك ناخی من
بەتەرزەو گڕژ وەك ئەدگاری دەستەکانم
هۆ خاوەن مالّ هێشتا مەلۆتکەی باوەشی نوێنی گەرمی
ئەوا دەڕۆم بۆم دەرکەوتی چەند بێ شەرمی
دەڕۆم لەگەلّ ئابڕووی خۆما .... تك ، تك ، ئەتکێمە مەرگەوە
دەڕۆم لەگەلّ _ تووکەکانما _ ئەپێچرێمەوە بەرگەوە
دەڕۆم هەر هاوار ئەکەم :
هەیاران و مەیاران
یاخوا داکاتە باران
بۆ دەست ڕۆو گەورە پیاوان
کەچی هێشتا پێم تاوانە پاروویە نان
ئاخ ........کۆمەلّ کەنگێ مرد ویژدان

1994 سلێمانی
ئەدگار : وێنە ، تابلۆ
تووك : دووعا

## 7

## ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

سەفەر

هۆ وولاتە شیرینەکەی ناو باوەشی وولاتی خەم
ئەم پرووشە ئازارانە پەیامێ نەدەن بەگوێتا!؟
ئەمشەو ڕوحم ئەنێژم و ،
ئەبم بەدارسنۆبەرێ لەسەر ڕێتا
شنەی پرچی ئەو دەربەندە هەڵئەمژم
تۆ بەدەروونیا ڕۆیشتی





ناو لەپی گشت ڕەشەباکان ئەپشکنم
نەبادا تاڵێ لەپرچی
تۆی حەشاردا بێ لەمشتی
زۆرت پێچوو ....
چاوەڕێتم لەم سووتانە بێ دەنگەدا بووم بە ڕەژوو
خەو منالێکی لاسارەو ،
ئۆقرە لەچاوما ناگرێ
خۆ تۆ زوو ئەگەڕایتەوە؟ ..... حەوتوویەکە ڕۆژم ئە مرێ
ئێستا هێشووی ڕوومەتی نیگای بێ تۆییم
پێم نالێ ی کام بۆڵە ئازارم بۆ ئەگرێ ؟
گەر ئەمزانی لەکام ڕێدا .....؟
پەپوولەی هەنگاوت ئەبزوون ..... ئەبووم بەگوڵ
گە ئەمزانی لەکام جێدا .....؟
ئێستا شەونمی دوولێوت نەرم دەنوون .... ئەبووم بەدڵ
لەپرچی گوڵ ....
لەکازیوەی دەمەو بەیان ،
لەمانگەشەو ناسکتری ،
کەچی کاتێ جێم ئەهێڵی لە ڕەشەبا هەڵچووتری
خەم چەند دڵۆپێ فرمێسکەو ، دائەگیرسێ
خولیا باوێزەی مردنەو گوێم ئەبیسێ
زۆرت پێچوو .... چاوەڕێتم
ئالێرەدا .... تەنیا خۆم و ،
مەملەکەتێ ژانە شیعر ڕاوەستاوین
شیعر ئەگری و.... منی بێ تۆش چاو لەڕێتم

**گەر ئەمزانی لەکام شانەی**
**جەستەی دووری ( سلێمانی ) تۆ میوانی ؟**
**هەر ئەمشەوە ... ئێشکگر بووم تا بەیانی**
**نەبا هەورێ بێ و ، ماچت کا**
**ئەستێرەیە بێ و ، بتدزێ**
**یاسێبەری درەختێ بێ و ، سەرنجی چاوت بگەزێ**
**ئاخر لەکوێ ی**
**هێندە دووری وەختە هەستم بەتۆ نەگا**
**بۆ ئەهێڵی ئەم سەفەرە**
**چاوی بێ تۆم نامۆبکا**
**ئەی نازانی ئەم شاعیرە**
**بەتەنها تۆ .... تۆ شك ئەبا**
**دەوەرەوە گلێنەکەم سەفەر هەناسەی درێژ بوو**
**ئاخر گوڵم تۆ پێم نالێ ی؟**
**چ شیعرێکم بۆ سەفەر دەست بەدەست نوێژ بوو؟**

**1994**
**سلێمانی**





## 8

**ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن**

**گۆرانی یەك**
**جەژنی سەری ساڵ**
**سەری ساڵە ئەمشەو تەمەن، هەنگاوێ تر هەڵئەتووتێ**
**کزەی بادێ ، شار خامۆشە ، چراکەم کز .. کز ئەسووتێ**

پەسارم سارد ، شەو تاریکە ، ئەستێرەش نووستوون لەهەورا
درەختەکان هەڵئەلەرزن ، کەژ ئەگری لەچاوی بەفرا
ڕوحم بەخامەدا ئەڕژێ و ، عەشقت شیعرێ لەکۆش ئەگرێ
تەنیاو بێ دەنگ هەڵکورماوم ، دڵم بۆ دیدارت ئەگڕێ
سەری ساڵە ، ئەمشەو خەڵکی ، هیوا بۆ سایە ئەنێژن
بەبەژنی ئەم ساڵەیە نوێ یە ، بۆی ئاسوودەیی ئەڕێژن
منیش چرام کز ئەسووتێ و ، ئەمشەو شیعرم دەڕێژێ سۆز
گەرچی ناتگەمێ گلارەم ، بەڵام جەژنی ساڵت پیرۆز

1995
چەمچەماڵ





9

گۆرانی یەك
سۆراخ
شەوە.. خەمی چڕی شارێ، دەستی سۆزی لەمل کردووم
شەوە.. هەژان هەر نازانم، ڕوحیانەتی بۆ کوێ بردووم
شەوە.. سیمای چەپەرێك و، شەقامێ ڕەش ئاگای لێمە
هەراسانی چیت لێ دەوێم، چ دۆزەخێ ئەمشەو جێمە؟
ئەمشەو چی ژووانی شارە ، پەپوولەی ڕازی تیا ئەڕوێ
نەك هەر عاشقی ئەمشارە، هەتا گەڵاش بۆ با ئەدوێ
گریاوێکی چۆڕی ئەوین، تەنها منم ئەگریم.... ناکام
خۆم نەبێ کەس دڵ و جەرگی بۆم ناسووتێ و نایاتە لام
دەکوای گوڵم؟ کوانیگایە؟ گەرچی ئەمکوژێ بەجارێ؟
کوای تائەمشەو منیش چاوم، ڕوون بێتەوە بەدیدارێ؟
دەکوای ئاخر گلارەکەم بۆ لەم شیعرە گوێ نادەیتێ
بێ بەڵابی ، نەبا بمرم ئەمشەو ئەی بۆچی نامگەیتێ؟

1995 چەمچەماڵ

**10**

**دڵم پێش تۆ**

**هێندە خەمی تۆ پیرۆزەو**





**ئاوێزانی ڕوحم بووە**
**لێناگەڕێ ی لەپەسێوێ هەڵکورمێم و**
**تاوێ خەمیش بۆ خۆم بخۆم**
**هێندە دیدارت بە سۆزەو**
**زەردەی دەمتم خۆش ویستووە**
**لێناگەڕێ ی کەمێ بەخۆشما بڕوانم**
**پێش تۆ دڵم**
**دەریایەکی هێند بەرین بوو**
**خەمی هەموو شەپۆلێکی تیا شین ئەبوو**
**پێش تۆ دڵم..... هەوارێ بوو**
**بە پەرستگای گشت ڕێبوارێ غەمگین ئەبوو**
**پێش دڵم .... حەژمەتێ بوو**
**بۆ جیهانێ ئەکرایەوە**
**پێش دڵم .... ئاوازێ بوو**
**لەڕۆژهەڵات دائەگیرساو ،**
**لەڕۆژئاوا ئەتوایەوە**
**پێش تۆ دڵم ..... دارستانی کوێستانێ بوو**
**چەم و جریوەو بای تیابوو**
**پێش تۆ دڵم .... ئاسمانێ بوو**
**خوای تێدابوو**
**کەتۆم خۆش ویست**
**بووی بەڕازێ لەدەروونما و ، گۆشە گیربووی**
**خەمی خۆم و ، دەریاو ، جیهانم لەیادکرد**
**هەر خەمی تۆ بووبە ئاشنای هەمیشەییم**

لەمەملەکەت داپڕام و ، تەنها نیگای چاوی ڕەشت
بوو بو خەمی وەنەوشەییم
پەپوولەکەم.....
پێش تۆ دڵم زۆر گەورە بوو
کەتۆ هاتی جیهانێکت لەدڵمدا ئاوارەکرد
بووی بەخانەخوێ و دانیشتی
هەر نەوەستای هەتا جێگەی خواشت تەنگ کرد

1994

## 11

گۆرانی یەك
کوانیگایەك؟

ئەمشەو هانام هەراسانی دەریای شیعری مەنگم ئەکا
ئەمشەو غوربەت مێخی مەرگێ لەتەوێڵی ڕەنگم ئەدا

دە ئاستەمێ نووری تۆ کوا؟ تووری دڵم چاوەڕێ یە
مووسای شیعرم لێرەش شەیدای ڕەهێڵەیەکی ئەوێ یە

بیرت ئەکەم کوا نیگایە ؟ ناخم ڕووگەی ئەشکی سوورە
موغی چاوم نێت و نوێژی عەشقی ئاشقێکی دوورە

دوور لەخەمی ووڵاتەکەم، ئاوێزانی غوربەت و ژان





هەی سامالّی شاری دڵم... سۆزێ بانەمکوژێ هەژان

کوا نیگایە ؟ خاچی ئەمشەو ، دواهەناسەم پێ ئەڕێژێ
غوربەتم تابووتی ئەشکەو ، خۆم و هۆنراوەم ئەنێژێ

کوا نیگایە ؟ سۆزێ نەشمیل ، هەناسەیەکت با لەڕووم
هەتا بەتوورو خاچەوە ئەمشەو نەڵێم بێ هوودە چووم

1998
ئەڵمانیا

توور : ئەو کێوەیە یان ئەو چیایە کەئافرەتان خۆڵەکەی بەکاردەهێنن بۆ ڕازاندنەوەی چاویان

12

ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

## نهێنی

**پێیان ووتی هێندە ویستت ئەو شاعیرە**
**بۆ دیدارت ڕێگە بکوتێ**
**لەهەناسەی سەرنجێکا بۆ بسسوتێ**
**ئەها .... ئەبینی ئەمێستا**
**هەراسانەو ..... لێلتا نەلوا 1**
**فەرامۆشت ئەکاو .... ئەڕوا**
**پێیان ووتی هێندە بەنیگای ئەو چاوە**
**خەمی شیعرت**
**لەدەروونی ئەو شاعیرە شەیدایەی خۆتا هەڵچنی و**
**نمە ... نمەی شەرمی جوانت بەسەر سیمایا داچۆڕی**
**ئەها .... بیبینە بێزارەو ، ناچاربوو دڵی لێت گۆڕی**
**بەهەش بن ئازاریان داوی**
**من نەبووم و تۆش لەشەرما بەبێ وەڵام هەڵکورماوی**
**ئەرێ گلارەم پێم نالێ ی**
**ئەم دزێوانە بۆنی کام عاشقۆکەمان پێوەکەن ؟**





**وابەئەگریجەی ئاڵۆزی پەسێوی تەشەرمان ئەدەن**
**کزەی جەرگم ..... پێیان بڵێ ئەو شاعیرە**
**ئەوەند بەعەشقێ نهێنی خۆشی ویستووم**
**ئێستاش هەرچەند ئەڵقەی زێڕی دەستگیرانیی لەدەست کردووم**
**چەندین ڕازمان بەنهێنی ئەدرکێنین**
**هێشتا دەستمان بە نهێنی بەدەستی یەکدا ئەلکێنین**
**پییان بڵی وامەزانن بۆ دیدارم یاخی ئەبێ**
**ئەو ئێستاکەش ..... نەدەرگایێ**
**نەکۆڵان و..... نەدرەختێ**
**پێنازانن کەدێ وەختێ**
**پێیان بڵێ .... ئەو شاعیرە ئێستاش بۆ ڕەشێتی چاوم**
**شیعری شیرینە وەك ڕەزێ**
**ئەو شاعیرە زۆر بەنهێنی دێ بۆ لام**
**حەزیش ئەکا  هەتاکو لەخواشم بدزێ**

**1995**
**چەمچەماڵ**

13

## ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

**گۆرانی یەك**
**نامۆیی**
**هۆ پەپوولە شەرمنەکەی باخی شیعرو ووشەی هێشووم**
**ڕەنگە بمرم و نەتگەمێ، بۆدوا جار لە چاوتا نەنووم**

**بڵێ ی ئەم شارە نامۆیە نەسووتێنێ لێوی تاسەم**
**چرای سۆزم نەخنکێنێ و لانەوازی کا هەناسەم**

**ئاخر نە سیمای ڕووباری عەشقی چاو ڕەشی تیا ئەڕوا**
**نەلە مەملەکەتی ئاسۆی حەزێ چاوی نیگا ئەشوا**

**نەئەستێرە ڕەنگت ئەگرێ و.. نەباران بۆنی تۆی لێدێ**
**نەئەم شارە ئاوێنەتە و .... نەهەورێ لەلای تۆوە دێ**





**بڵێ ی عەشق جارێکی دی ... بەخانەخوێ ی چاوتم بکا**
**وەکو جارانی ڕۆژانە .... بەدەرویشی ناوتم بکا**

**خۆ گەر عەشق وای کردەوە ... نەمردم و بتبینمەوە**
**ئیدی هەرگیز کفر ئەبێ ... بۆ چرکەیە لێت نابمەوە**
**1998 ئەڵمانیا**

14

## ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

**گۆرانی یەك**

**خانەقای عەشق**

لەخانەقای ڕوونی عەشقێ ئەمپەرستی جاویدانی
واژووت گەواهی خەڵوەتە نەبەی سوژدەی پەشیمانی
سۆزێ.... موریدی ئەم ڕێ یە میحرابی خەڵوەت بەرنادا
ئاوڕێ .... هەورازی خەیاڵ بەدیوانی عەشق ناگا





وات دەزانی گڕی تاسەی مێژووی دڵم لێ ئەکوژی
ئەی نەتزانی گەر جێم بێڵی مەغریبێ لە ڕوحتا ئەژی
تەمەن شەوگارێ ئەناسێ نیگای عەشق ئەتۆرێنێ
مەغریبێ گومڕاییت ئەکا ، مەملەکەتێ ئەدۆڕێنێ
کێ پێ ی ووتی .. زیکری وەهمێ تەریقەتی عەشقی پێ یە
نەتدەزانی خەیاڵی وا ئاستانەی سەرابی لێ یە
موردێکی خانەقابووی عەشق دروودی بۆ هانی
کەچی خەونێ هەوری ڕازی شاری ژووانی ڕەنجانی
لەپای زۆنگاوێکا هاتی... زرێبارێ مێژووت بەخشی
ئیدی گومان ناکەم لێوی تاڵی پەشیمانی ئەمژی

**ئەڵمانیا 1998**

واژوو : ئیمزا
گەواهی : شایەتی . گەواه : شایەت
ئاستانە : یەکەم سەرچاوەی دەست پێ کردن ، یان سەرچاوەی با

15

ئەو شیعرانەی تۆ ئەوبینن

گۆرانی یەك

مژدانە

کە ئێواران دێ ی ئەبارێ ی، وەکو هەوری بەهارانێ
خاك بەرامەی عەشق ئەگرێ ، شار ئەبێتە چراخانێ

دێیت و چرپەی هەنگاوەکان گەڵای لاڕێ ڕائەمووسێ
دێیت و سروەی تامەزرۆیی چیرۆکی ڕازێ ئەنووسێ



دێیت و چۆڕ چۆڕ گەورە ئەبی چوون خواوەندی خۆشەویستی
ئەبم بەپێکێ شێتانەی لێوان لێو لە گڕووی مەستی

جار جار ئەبم بەقردێلەو ، پرچی تەڕت ڕائەمووسم
جار جار ئەبم بەخامەیە شیعری شوێن پێی تۆ ئەنووسم

دێیت و ڕوحی سنۆبەرییم بەرامەی باڵای تۆ ئەگرێ
دێیت و ئەبم بەماچە حەز لەجوانی تۆوە گوڵ ئەگرێ

دێیت و مژدانەی سەرنجت لەگۆڕئەنێ هەراسانی
دڵم ڕوون بۆوە گلارەم بێ چاوێنی بێ چەند جوانی

نەرویج 2005

16

ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

**بۆچوونێ بۆ خۆشەویستی**

**لێت نەگۆڕێ**
**لێت نەگۆڕێ کێت خۆش ئەوێ**
**ئەو ناوبانگەی تێیدا ئەژی**
**شاعیر زۆر جار نایخواتەوە بەسەرنجی تەنها چۆڕێ**
**تۆ لەناوبانگ ئەترسیت و**
**من لەنغرۆ بوونی عەشق**
**تۆ لە زۆنگی دەم ئەترسی و**
**من بۆ پرسەی ئەو دەمانە خۆشم ئەوێ ی**
**لێت نەگۆڕێ کێت خۆش ئەوێ**
**نیگارێ نیم پێوەند ئاسا چوار چێوەیە لەخۆم بگرم**
**پاییزێ نیم**
**لەگەڵ مردنی گەڵادا ..... خۆشم بمرم**
**شاعیر سەیرە ..... وولاتێکی بێ سنووورە**
**شاعیر زۆر جار لەتۆنەبێ**
**لەمەملەکەت .... لەگوڵ .... لەشەو ...**
**لەئەستێرە .... لەسروشت و ... لەباش دوورە**
**شاعیر جارجار بڵندگۆیەو بەگەردوونا**
**بانگەوازی پێناسی میللەتێك ئەدا**
**جارجارێکیش گۆچانێکە**
**بەئەنگوستی سواڵکەرێکی ڕیش چەرموودا**
**لەدەرگای گشت ماڵێ ئەدا**
**جارجار ڕۆژەو**





**فەرهەنگێ پەیامی ووشەی داگیرساوە**
**جارجار شەوە ..... یا مۆمێکی ڕوح سووتاوە**
**شاعیر زۆرجار سەنگەرێکە .... تێکۆشەرێ لای میوانە**
**جارجار تەوقەو ... گوڵ بەریەخەی**
**پرچ و سینگی دەستگیرانە**
**جارجار بێ دەنگ .... بێ دەنگ.... بێ دەنگ**
**لەپەساری ژووانێکا**
**بۆڵێ فرمێسکی ئەوەرێ و**
**لەچاوەڕوانیا ئەمرێ**
**جارجارێ ( با ) ش لەپەنای شیعرێ هەتیویا ئێشك ئەگرێ**
**لێت نەگۆڕی**
**تۆ ئەتوانی خۆشت بوێم ؟**
**جارگۆچانم ...**
**جار پەیام و ... جار پیرۆزم**
**جار تەوقەم و ... جارجار وەکو پێغەمبەرێ**
**جار عاشق و ....**
**جار دەروونی شەوەزەنگ و ... مۆمێ کزو...**
**جارجارێکیش وەك سەنگەرێ**
**جار جار شیعریش لەخاچمەداو**
**هێشتا ڕوحم لێ ی ناتۆرێ**
**ئیدی ئێستا**
**ئەزانی تۆ کێت خۆش ئەوێ؟**
**لێت نەگۆڕی ....... لێت نەگۆڕێ**

1994 چەمچەماڵ

17





## ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

### پێشبینی شێتی

ئەمزانی گەر خۆشم بوێ ی
کودەتایە ڕدێن چەرموو
ئەم سروشتە ئەگرێتە خۆی
چیدی گەڵا دواسەرنجی ناکوژێتەوە لەوەرینا
شارەکان دێن
لەووڵاتی لەشی تۆوە پشکۆ ئەگرن
کانی یەکان لەچاوە ڕەشەکانتەوە مژدە ئەگرن
مێژوو لەتۆوە ئەنووسرێ
ئەزەل ئەبێ بەخەمی تۆ
ڕۆمانەکان ... لەعەشقی تۆدا پێ ئەگرن
مانگ لەپرچی تۆوە هەڵدێ
هەر لەشیرە مژینەوە
منالّەکان وانەی عەشق لەبەر ئەکەن
فریشتەکان گوڵی خەندەت لەسەر ئەکەن
خۆر لەگۆنای تۆوە ئەگرێ
هەور لەبۆنی هەناسەی تۆوە ئەپشکوێ
خاك لەماچی شوێن پێ ی تۆوە گەنم ئەگرێ
ڕەز بەسەر لوتکەی سینەتا پەڵە ئەدا

دارستان بەسەر گومەتی شانی تۆدا چرۆ ئەکا
( با ) لەدڵی سەرنجی تۆوە ترنگ ئەدا
ئای ی شیرینە پیرۆزی یەکە
ئەمزانی گەر خۆشم بوێ ی
عەشقێ ئەبێ بەتاقانە وەرزی ساڵ و
دێ .... یاساکان بەئەرخەوانی حەزی تۆ ئەناسێنێ
ئاوێزانی ووشەی نەرم و ...
جاویدانی پێغەمبەرەکانت ئەکا
درووود لەتۆ .... ڕووگە لەتۆ ....
نوێژ لەتۆوە دەست پێ ئەکا
تێکەڵاوی بانگەوازی مەلا ئەبی
لەگەڵ زەنگی کەنیسەیا دێیتە بەر گوێ
نۆتەیە دی لەساماڵی مۆسیقاوە دائەگیرسێ
ئەڕژێیتە ناو وانەکانی خوێندنەوە
تابدوێ پیتی نوێ ئەڕوێ
ئای .... شیرینە پیرۆزی یەکە
ئەمزانی گەر خۆشم بوێ ی
بەسەر تەوێڵی عەشقێکا... ئەتکەم بەفیردۆسێ گەش و
خۆشم بەشێت
ئەتکەم بەڕازێ نەمرو ..... خۆشم بەشێت
ئەتکەم بەدەریایە حەزو .... خۆشم بەشێت
ئەتکەم بەئاستانەی خولیاو ... خۆشم بەشێت
ئەتکەم بەماچێ ئەفسوون و .... خۆشم بەشێت
ئەتکەم بەپێکێ فێنك و ..... خۆشم بە شێت





ئەتکەم بەخەرمانێ شیعر و..... خۆشم بەشێت
ئەتکەم بەئاونگێ نازو ..... خۆشم بەشێت
ئەتکەم بەخوایە بەسۆزو .... خۆشم بەشێت

2004 نەرویج

## 18

### ئەوشیعرانەی تۆ ئەبینن

ئەمشەو شیعرێکی وئەتدزن

زنەی شیعرم
ئەمشەو خەمی ئەم جیهانە ئەگرمە خۆم
ئەمشەو وەرە دەروونمەوە
خۆت حەشاردە لەچاوانەی
لەپارێزن بۆ دزینی نیگایەکت
خۆت نامۆکە ئالەو بایەی
دێت و ئەچێ .... بۆ ڕامووسانێکی لێوت
ئاخر ئەمشەو
لەژێر لێوی کام شیعرما بتشارمەوە
سا هۆ ڕووگەی تاهەتایی
هۆ نم .. نمی پەیڤ و شیعرم
هۆ ئاستانەی نووری خوایی
ئاخر ئەمشەو
( با ) ش دێ و .... ئەتبا





تریفەش دێ و ..... ڕژدیم ئەبا
ئەستێرەش دێ و .... نیگات ئەبا
وەرە ئەمشەو
چاوت لەشیعرم ئاڵێنەو
سەرت لەسەر سینەم دانێ
قژت تێکەڵ هەناسەم کە و
پەنجەت لەنێو دەست بنێ
ئەمشەو شیعرێکی زۆر جوانی
ترسم هەیە .... مانگ بێ و ...بتبا
ئەستێرە بێ و ..... ماچت بکا
هەورێ هەنیەی تەڕت بمژێ
بایە.... خۆی بە هاوڕێت بک
هۆ تریفەی شۆخی شیعرم
ئەمشەو شیعرێکی زۆر جوانی
ئەها دیوتە
خشپەی ( با ) دێ و
ئەستێرەکان دەستیان لێدە
ئەها دیوتە
مانگ لەپەنای تۆوە کپە
ئەمشەو وەرە دەروونمەوە
( مەڵێ شاعیر دڵی شێتەو چاوی برسی
مەڵێ شاعیر بۆ لەدزینم ئەترسی؟ )
ئەمشە بێگومانم لێرە
لێمت ئەتدزن _ با _ و ئەستێرە

چەمچەماڵ 1996

19

ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

پێوانە

خۆشم ئەوێ ی
هێندەی خەمی شۆڕە شیعرێ
کاتێ لەمیحرابی ژووانا
خەرمانی حەزی گوڵ ئەگرێ





خۆشم ئەوێ ی
هێندەی ڕەشیی کلوە بەفرێ
کەساڵانێکە تامەزرۆم
لەو ئاسمانە بێتە خوارێ
خۆشم ئەوێ ی
زۆرنا
هێندەی دانە ژمارەی ئەستێرەکان
دووبارتەقاش بەکەمەری پیرە چیایە
زۆرنا .... هێندەی بڕوای داپیرە گەورەکەم
بەنووشتەکەی لاجانگییەوە
کەنەهێنی گەنجی و پیرێتی لەلایە
خۆشم ئەوێ ی
زۆرنا .... هێندەی پیرۆزیی دار سنۆبەرێ
کاتێ هێمن ... هێمن .... هێمن
لەووڵاتما باڵا ئەگرێ
خۆشم ئەوێ ی
هێندەی ئاسۆی زەردەخەنەی ڕووی منالێ
زۆرنا .... هێندەی ڕەنگی هەر چوار
وەرزە نەشمیلەکەی سالێ
زۆرنا ..... هێندەی تامەزرۆیی
گوڵەگەنمێ لۆ بارانێ .... خۆشم ئەوێ ی
هێندەی خۆت ئارەزووت لێ بێ
خۆشم بوێ ی ..... خۆشم ئەوێ ی

2005
نەرویج

20





<u>ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن</u>

**دوو برینە شیعر**

**_ 1 _**

**تۆ لەم برینەی من گەڕێ**
**سەردەمانێ ( ڤان کوخێ ) بوو**
**پشکۆی عەشقێکی ئەبەدی لەبەرۆکی سروشت ئەدا**
**لەچوارچێوەی تابلۆیەکدا**
**سەرشێتانە بوو بە کوژەکەی سەر سنگی**
**عەشقی ( ڕاشیلی ) سۆزانی**
**چی بۆبەرێ ؟؟؟**
**تابلۆی زستان .... یاشەو ....وەیان**
**تابلۆی لەدڵا شیرینی هەژارانی**
**گوێ ی خۆی بڕی و .... بەدیاری بۆ کچەی هانی**
**ئیدی لەبەرچی سەرسامی و .... بۆ ئێشی برینم ئەگری**
**زیاتر لەوەی سەدای عەشقم بۆ چڕیوی**
**چیم بۆ کردووی ؟ !**
**هەربەتەنها گشت ناو لەپم بۆ بڕیوی**

**_ 2 _**

**لێم ببوورە**
**دەستی ڕاستم دانا لژێر ڕەحمەتی ئەو چەقۆ تیژەو ...**
**بەکامی دڵی لەتی کرد**

دەستی چەپم لەو قوربانی یە بێ بەش کرد
لێم ببوورە .... من چەپ لەرم
ووتم چەپم لەناو خوێنی برینێکا بتلێنمەوە
ترسم هەبوو
چیدی نەتوانم شیعرێ بۆ چاوەکانت بنووسمەوە

1995 چەمچەماڵ
ڤان کوخ : نیگارکێشی بەناوبانگی هۆڵەندی 1853_ 1890

ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

دوودڵۆپە خەم

1
ڕاسپاردە

پێی بڵێن هات
هات و کەسێ
نەبوو یەك دوو گەمەو نازی لەگەڵ بکات





کەسێ نەبوو
گوێ ی لەم سیعرە تازەیەی بێ
کەسێ نەبوو لێوی بەسەرنجی تەڕکات
کەسێ نەبوو دوو ووتەی خۆشی بۆ بکات
وەك تەنیا هات
بەدڵشکاوی ڕۆیەوە
پێ ی بڵێن خۆزگە ئەتبینی
( گاور بەزیی پیادەهات )

2
بەفرێکی تر

بەفرە بارێ
هێدی ...... هێدی
( ئۆسلۆ ) ئەبێ بەبووکێك و
پرچەکانی لەژێر کزەی سەرمادایە
ئای ی ی ، گلارەم چەند جوان ئەبوون !
ئەگەر وەکو چاوەکانت
( ئۆسلۆ ) و بەفریش ڕەش بوونایە

ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

## 21

### بەفرمانی خۆشەویستی

بەفرمانی خۆشەویستی
تۆش وەکو من
بەعەشقێکی شێتانەوە
لەمیحرابا دەست نوێژ ئەگری و
ئەبێ ئەم شیعرە نەشمیلەم بپەرستی
بەفرمانی خۆشەویستی
ئایەتی ڕازێ لەبەرکەو
تۆش وەکو من
لەنێوانی دابڕان و هاتنەوەی ڕوحا بەیدەستی
بەفرمانی خۆشەویستی
تۆش وەکو من بۆ ئەبەدی
ئیدی نەخەمی تەنیای و
ئیدی نەچیرۆکی دووری و
نەکڕووزەی دڵ ئەبیستی
بەفرمانی خۆشەویستی
هۆ کلوە بەفرە سپێ کەی چاوان ڕەژووم
هاتوومەوە تا لەسیمای پیرۆزیتا





نغرۆیی عەشق بکوژم
بەگرمانی خۆشەویستی
لەجەنگەڵی غوربەتەوە بەڕێ کەوتووم
تالەدیداری پاکتەوە
شیلەی ماچ و
پەیڤی کوردی گەش هەڵمژم

1999
نەرویج

## 22

### نیشتمان

نیشتمانم .. چ پیرۆزی ، لەئاسۆتا کە ڕۆژ هەڵدێ
چ نەشمیلی ، کەشەوگاران لەڕوحتا ( با ) ئارام ئەگرێ

نیشتمانم ... بەئاڵایە شەرمنەوە ، چ نازداری ، پەری خانی
ئەدوێ ی نێرگز کۆڕ ئەبەستن ... سۆز ئەڕێژن بەگۆرانی

نیشتمانم ... هێندە جوانی بێ گومانم لەدەروونتا
وەك سەرنجی شۆڕە ژنێ ، خوابوونی هەیە لەبوونتا

ئاخ بۆ نازی کازیوەی تۆ ، ئای بۆ شۆڕەبی بارانت
ئاخ بۆ گەڵای پاییزانت ، ئاخ بۆ کەژی بەهارانت

ئای بۆ سیمای خۆر ئاوابوون ، بۆنی عەشقت لێ ئەباری
لای من ئەبووی بەخاتووزین ، بەداستانی ئەوینداری
بەترۆپکی خەمێکەوە گەزۆی ماچی ..... چ شیرینی
نیشتمانم ... تۆهەنگوینی .. تۆ هەنگوینی ، تۆهەنگوینی

2005 نەرویج





## 23

## ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

کە

**1**

کەدێمەوە چەند بەخشندەی
جووتێ مۆمی ڕوح داگیرساو
ئاگردانێ دەروونی سوور ،
ماڵێ پڕ لەخۆشەویستی
هەستێ بەرامەی سێو ئەگرێ
ئەو چاوانە لەنێوانی
دووهێڵی ڕەشی قەترانی
تامەزرۆی لەنجەی دیدارە
دوو ژیلەمۆی ئەو لێوانە
گوڵە گەنمی ماچ ئەگرێ
چاوەڕوانی و بەنیگایە پڕ لە ئەفسوون

ئەڵێ ی شێتە گەڕایتەوە؟
بیرم کردی هێندەی گەردوون
ئیدی من و شەکرە شیعر
بریا ئەبووین بەپشکۆی گڕ

2
کەبەئاگام خۆشم ئەوێ ی
وەك ڕەسەنیی نیشتمانم
کەمەستیشم
دەهێندەی دی خۆشم ئەوێ ی
ئەبی بەگوڵ ..... بەسێوە ژن
ئەبی بە ( با )
چی بێ لەتۆ شاراوە بێ
لەپێکێکا ئەبی بەخوا

نەرویج 2005

24





**<u>ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن</u>**

**گۆرانی یەك**

**پێناسە**

ئەمشەو جارێ زویرم کە و ..... جارێکی دی ماچم بەرێ
ئەمشەو تاوێ هەناسەم بەو ..... تاوێ دی بڕۆ لێم گەڕی

بینابیم بەو عەیارانەش .... بریینێ بە لەدەروونما
ساتێ وون بەو ساتێکی دی ... ئەستێرە لەگەردوونما

مەستانە بێ و لەپێکێکا ، سوور هەڵگەڕێ وەك لێوانت
مەهێڵە شین بی لەلێوماو .... بمدەرە زەردەی چاوانت

بەنەخشەو هێڵی دەستم بەو .... ئاگر بنێ بەڕێگاما
تاوێ خاچم بۆ هەڵواسە و .... ساتێ بنووم لەئاراما

ئەمشەو باخەرمانەی ڕاز بێ .... جارێ دی بۆنی مردن بێ
عەشق وێرانەیە گوڵم .... کاتێ بێ خەندەو بێ خەم بێ

من ، هەناسەو کزەی جەرگم ، عەشق واشیرین ئەبینم

لەگۆڕم نێ و ، جارێکی دی بێرە جوولەو هاژەی خوێنم

نەرویج 2005

25

<u>ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینم</u>

ماچە با





(با) عاشقێکی تووڕەیە
دوێنێ بینیم
بەتەنها یەك چاوتروکان
لەزێوەری پرچەکانت
کودەتایەکی هەڵگیرسان

(با ) عاشقێکی گەورەیە
لای تۆ ڕۆیی ... لەباڵای ئەو دارە ئاڵا
هەرچاوترووکانێ ئەبوو
کەبەجێی هێشت
هەزارەها چرۆ مناڵەی گرتبوو

( با ) عاشقێ بەڕەوشتە
بەهەشتی سێوی تۆی دیوە
کەچی هێشتا
خۆی کەسێ نەگۆڕیوە

( با) عاشقێکی بەجەرگە
چەندەها جار بەگەرووی تۆدا ڕۆچووە
کەچی هێشتا
ویزەی دێ و خۆی نەکوشتووە

( با ) عاشقێکی پیرۆزە
پەنجە ..... پەنجە

لەشیلاوی کێڵگەی لەشی تۆی مژیوە
کەچی هێشتا
کەسێ وەکو خوا نەیدیوە

نەرویج 2005

26

ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

نێرگزە شیعری یەکان

1 _

تۆ بباریێ ی ....





ئەندێشەم پەنجەی نوێ ئەگرێ
تاببارێ ی ....
خواش نەخوازێ .... ئەم عەشقەمان ئەژی و ... نامرێ

2_

ئەڕژێمە ناو مەملەکەتی شیعرێکەوەو
لەگەڵ بەرامەی بارانی ئاسۆی عەشقێ
کێڵگەکانی لەشی نەرمت ئەخۆمەوە
باچیتر لەناو دەروونتا
بۆ گوزەرم سنوور نەبێ
دێم وەك ئەستێرەی سەر ساڵێ
ئاوێزانی ڕوحی سنۆبەرت ئەکەم
ئیدی هەرگیز خوای عەشق لێمان دوور نابێ

3_

هەربەتەنها ئەو دەمانەی
بۆ چاوەکانت ئەنووسێ ... پەنجەکانم خۆشەویستن
دەنا ئیتر باهەڵوەرێن
کەئەجووڵێن .... یا ڕائەکشێن
یا کەداوی پێڵاوەکانم ئەبەستن

4_

گەر وەك خولیای
ناو بێستانی ماچەکانت .... پڕ لەئاوە
گەر وەك خەوی

سەر ترۆپکی سینەی نەرمت ..... پڕ گوڵاوە
گەر وەك چرپەی
توانەوەی ڕەشایی ئەو جووتە چاوە
پڕە لەشیلەی هۆنراوە
وەرە لەناو دەستەکانتا .... لەخاچمدە لەمەو دواوە

نەرویج 2005

27

ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن
گۆرانی یەك
پاییزانێ

ئەو ڕۆژانەی بێ تۆیی بوون ، کوژەکەی خاچێ تەزیو بووم
ئەو شەوانەی تۆ لێم دووربووی ، گۆرانی یەکی هەتیو بووم

نەچێژی ماچێ ئەینۆشیم .... نەئاڵوویی پێکێ نیگا
نەپەنجەم دیلی پرچت بوون ، نە بۆڵی شیعرێکم پێت دا

ئای خەزانە تەمەن بێ تۆ .... بۆی سووتانی پەپوولەی دێ
ئای ( دووماتە ) * گوڵی ساوای هەناسەیە بێ تۆ بمرێ

دڵم ئەیووت پاییزانێ ، چراخانی و دێ ی ئەبارێ ی





دێ ی بەسۆزی ، جارێکی دی لەئاواییما ناتارێ ی

پاییزانێ کەبۆی مەرگی گەڵا ناسۆرێ بەسوێ یە
دێ ی دڵم هەڵئەگریتەوە، پشکۆیەکی کەنار ڕێ یە

دێ ی بەزەردەو ئافرۆدیتی ، خەمی عەشقم ئەکەی بەبووك
دێ ی ئەبیتە دەنگ و گیان و ... هەناسەیەکی ئێسك سووك

نەرویج 2005
دوومات : کارەساتی گەورەو جەرگ بڕ *

28
ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن

گوڵە گەنم

هۆ ئایەتی نووری قەدەر
خۆتو ئاوێستای گڕ نەبووی ؟
لەناو ڕوحی زەردەشتیما .... هاتی میحرابت ڕامووسی
هۆ گلارەی ئاستانەی عەشق
خۆ تۆ بێستوونی کەل نەبووی ؟
هاتی لەڕۆخانەی حەزما .... داستانی دروودت نووسی
وەرە ئاخر ئاهورمازای شۆخی شیعرم
ئەمشەو وەکو پەپوولەیە
لەئامێزی خامەی ووشەما چاولێك نێ
هۆخاتووزین
لەم ئێوارە ڕمووزنی یەی ڕێ ی تەمەنە تینووەدا
خۆت و، خامەو ، پەیڤ و ، تاسە
چۆڕێ حەزی ماچم بەنێ
ئایی ی گلارەم
کەی لەڕژدی ئەم شەوگارە ناسۆرانە ....
لەخۆر ئاوابوونی هەتیو ....
لەقۆزاخە سڕبووەکانی ئاوەزمان .....
پاك ئەبینەوە گلارەم
ئای ی ی ... چ مردنیکی تەمەن درێژە ... ئەم ڕمووزنی ژیانە
ئەچۆڕێینە فەنا بوونی غوربەتەوە
چاوەکانمان هەڵئەوەرێن و ..... فەنا بوون هەر گمەی دێ
مەڕۆ ....
مەڕۆ .... تاپەنجەم لێڵایی دانەهاتووە
بالەژێی شیلاوی پیتە سەوزەکانا شیعرێکت بۆ بخوێنمەوە





باگریانێ بەبێ دەنگی بەسەر دارە ڕووتەکانی
ئەمشارەدا بپرژێنم
با خەمێ دی بنووسنمەوە
مەڕۆ ....
مەڕۆ ... بادیسان قیامەتی فەنا بوونم لێ هەڵنەسێ
فەنا بوون لەتۆو .... لەم عەسرە
لەنەژادو .... خۆشەویستی
هەر دوێنێ بوو .... لەڕوحی پەپوولە ئاسای
فیردۆسە پاکیزەکانی خاکی عەشق جیا بووینەوە
ئەمێستا ناکرێ بێ سۆزی ئەندێشاوی
گلۆری ناو چەمی تاڵی مەرگە وەڕە پەستەکان بین
ناکرێ زنەی دەنگ بێ چۆڕ بێ
وەرە .... ئاخر گەڵە گەنم
کەتۆ هاتییە دڵمەوە
بینیت مێژوو ... بەڕێ یەکی دیا ڕژا
بینیت باران .... بەئاوازێ نوێ وە باری
بینیت زمانێ دی پژا
بینیت ئەستێرە کۆچیان کرد .... لەمەداری جێ سەنگییانا
بینیت هەموو نیوەشەوێ .... مانگ لە پەنجەرەی ژوورەکەت
مشتێ ئۆخەی کازیوەیی لێ دائەنا
وەرە دەی هۆ گوڵە گەنم
تۆ لەسنووری ئەم عەشقە بێیتە دەرێ
مناڵەکان لەناو لەپی گەمەیەکدا وونت ئەکەن
داری سینگەت بۆنی سێوی لێ ناپرژێ

چیدی کچان ڕژدیت نابەن .... هەنگاوەکانت ئەوەرێن
وەرە ئاخر گوڵەگەنم
تا نەرمتر خۆشم بوێ ی
سۆمای حەزی مەملەکەتی شیعرەکانم
شۆخانەتر ... مناڵانی گەورە ئەبن
تابەهارانەتر پشکۆی لێوەکانت ڕابمووسم
نهێنی ژێر زمانی ترێ ی ڕەزەکان
مەستانەتر خولیا ئەگرن
وەرە ئاخر گوڵەگەنم
تاگەرمتر خۆشم بوێ ی
هەژارێ بێ نەوانابێ
پێکێ وەنەوز نایباتەوە
هەرچی هەیە لەم گەردوونە....... بەخواشەوە وائەزانن
هەزارەها کێڵگەی خۆرم لەژێر دەستە
شینترین دەریا لەخاکی منا ئەژێ
نازانن چۆنن ....
تاگەرمتر خۆشم بوێ ی لەم عەشقەدا
دڵم کۆیلەو ..... کۆیلانەتر دائەهەژێ

نەرویج 2005



29

کورتەیەك لەژیانی شاعیر
ناو : سالار جەوهەر
لەساڵی 1972 لەچەمچەماڵ لەگەڕەکی سەرشەقام لەدایك بووە
لەساڵی 1988 جیهانی پڕ لەسۆزی شیعر لەئامێزی گرتووە

لەساڵی 1994 پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی سلێمانی
تەواو کردووە
ئێستا لەووڵاتی نەرویج نیشتە جێ یە